www.kurdistannet.org
24-8-2006 0:51 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# بۆ ئەوینی دڵەکەی خۆم زاری نەکەم ئەدی چیبکەم ... ژووان

دەمێک ساڵە
دڵ ڕەشپۆشە
گیان بێهۆشە،
بۆ ئەڤینێ
لەدەست دەرچووو!!
دەمێک ساڵە فرمێسکی چاو
ئەشکی حەسرەت ئەبارێنێ
بەسەر ڕێتا
ئاە و هەنسك و گریانیش
بەسەرجێتا..
بەرەو لای خواو چەرخی گەردوون
بۆ بارەگای بوون نەبوون
لەژێر باری قورسی زەمان
لەناو پرسەی دڵەی وێلا
ئەگەر زاری نەکەم
چیبکەم..
(2)
دەمێک ساڵە
هەموو شتێک وێنەی (سارد) یی
بۆم ئەنوێنێ!!
هەنگاوەکان بەرەو لای تۆ
بێ سێبەرن ئەمسوتێنێ
دەست و مەچەک
ماندووی کۆتی زەمانەیە
هەناسەکانیش قرخن بوون
ئازاری سینەو دڵ ئەدەن
گەلای تەمەن
شینی مەرگم پیادە ئەکا..
لەمەیخانەی عاشقانا
دواپێکی مەستیم ئەداتێ
بەبێ هۆشی و بەبەدمەستی
زاری نەکەم
ئەدی چیبکەم..
(3)
دەمێک ساڵە

www.kurdistannet.org

24-8-2006 0:51 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

لە (سیا) كاتا
لەدوا چركەی كاتەكانی نامۆییدا
وێڵتكردوم
لە بیابانی ووشك و سڕی ئەودڵەشتا
سرەوە سرودێک نابیستم
كە بێدەنگی خەماكانم بوروژێنێ
لەلانكی حەزو خۆزگەی ئەم دڵەشما
خەمێكی تۆ ڕابژەنێ و
زامێكی خۆم ساڕێژبكا
وەی لەكۆستی ئەم هیجرانە
زاری نەكەم
ئیتر چیبكەم..

ژووان/تركیا/ئەستانبول /1999/6